

پژان خۆشەڤی یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق:

# لیژنەی ئۆلۆمپی کەمتەرخەمە لە پێشخستنی وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان

***لە نێو ئەم هەموو یارییە چۆن بوو بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ئاشنا بوویت؟**

- لەسەرەتای ژیانی وەرزشیم کە لە قوتابخانەکان دەستم پێ کرد، من گۆڵپارێزی یاریی تۆپی پێ بووم، دوای ئەوە بوومە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان و یاری هەڵدانی پارسەنگ و راکردنی ١٠٠مەتری بوونە کاری وەرزشیم.

*** بەشێوەیەکی گشتی ئاستی یاری گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-لە کوردستان زۆر بە باشی دەبینم. هەر بۆنموونە چەندین یاریزانی بەتوانامان هەیە کە دەتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن، وەکو (مامۆستا شەمام، مامۆستا نەبەز و داستان) ئەمانە یاریزانی بەتوانان و چەندین راهێنەری بەتواناشمان هەیە کە توانای دروستکردنی یاریزانی باشیان هەیە بۆ داوارۆژ، وەکو مامۆستا کارۆخ و دکتۆر ئازاد،بەڵام لەلایەن چاودێرییەوە پشتیوانی نییە وە لیژنەی ئۆلۆمپی کەمتەرخەمە لەپێشخستنی وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان.

***ئەی لە دهۆك لە چ ئاستێکدایە، بەتایبەت کە شارەکە هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووەو کێبڕکێیان لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە کردووە؟**

-وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان لە دهۆك مێژوویەکی پڕدەستکەوتی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و یانەکانی عەرەبی هەیە، بەڵام لەدوای دەست لەکار کێشانەوەی دکتۆر ئازادی راهێنەرو دامەزرێنەری ئەو تیپە، بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم یارییە لەشاری دهۆك شکستی هێنا.

*** بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز دەبێت چی بکرێت؟**

-تا ئێستا لەئاستێکی زۆر خراپدایە، پێویستە لیژنەی ئۆلۆمپی و یانەکان دەست بکەن بە کارکردن لەسەر سیستەمی نوێ بۆ پێشخستنی ئەم یارییە، ئەویش بە دروستکردنی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان و ئەکادیمیای تایبەت بە وەرزشیی گۆڕەپان و مەیدان.

*** باشترین ئەنجامە باشەکانت وەکو یاریزانێك چین؟**

-ژمارەی پێوانەیی یاری سوباعی لەسەر ئاستی عێراق بە ناوی منەو لە ئێستادا یەکەمی کوردستانم و خاوەنی مەدالیای عەرەبیم و لە یاری ١٠٠مەتری پۆستە چەندین ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە.

***لەئێستادا وەکو یاریزانێك بەرنامەت چییە؟**

- تیپەکەی ئێمە بەردەوام بەرنامەی تایبەتی خۆی هەیەو مەشقەکانمان بەردەوامەو هەر خول و پاڵەوانیەتییەك هەبێت، ئێمە ئامادەین بۆ بەشداریکردن.

***کێشەو گرفتتان لەم یارییە چییە؟**

-کێشەو گرفتمان نەبوونی یاریگاو نەبوونی پاڵەوانیەتی و کەمتەرخەمی یانەکانە لەم بوارەدا، ئەمانە هەمووی کێشەن بۆ یاری گۆڕەپان و مەیدان.

*** لە خێزانەکەت هیچ کەسێکتان وەرزشوانە؟**

-لە خێزانەکەمان دایك و باوکم وەرزشکار بوون، بەڵام تەمەنی وەرزشییان کەم بووە لەبەر بارودۆخی ئەو کات، خاڵم یەکێك بووە لە باشترین یاریزانەکانی تۆپی دەستی لەسەر ئاستی کوردستان.

***خانەوادەکەت رێگری لە وەرزشکردنت ناکەن؟**

-نەك تەنیا رێگری ناکەن، بەڵکو یارمەتیم دەدەن و زۆر هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی ئاستی من بەردەوام لە پێشخستن بێت بۆ ئەم یارییەو زۆر یارمەتییان داوام بۆ ئەوەی بچمە ریزی یانەی پێشمەرگەش.

*** هیواو ئاواتت وەکو وەرزشکارێك چییە؟**

-هیواو ئاواتم ئەوەیە وەکو وەرزشکارێك بتوانم بگەمە پاڵەوانیەتی جیهانی و مەدالیایەك بەدەست بێنم لەسەر ئاستی ئاسیاو جیهانیش .




**سنووری پارێزگای دهۆک لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان خاوەن کۆمەڵێک یاریزانانی بەتوانایەو پێشووتریش یانەکانی ئەو شارە جیا لە یانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان گرنگیی زۆریان بە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان داوەو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق چەندین یاریزانی بەتوانا لەم شارە پێشەنگی یاریزانانی کوردستانیان گرتووە، بەڵام ماوەیەکە یانەکانی ئەو شارە پشتیان لەم یارییە کردووەو یاریزانەکانیش بەرەو یانەکانی شاری سلێمانی کۆچیان کردووە، یەکێک لە یاریزانە بەتواناکانی ئەو بوارە وەرزشییەش پژان خۆشەڤی- یە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی پارێزگای دهۆکەو پێشووتریش لە ریزی یانەکانی سیروانی نوێ و وپێشمەرگەی هەولێرو پێشمەرگەی سلێمانی و هەڵبژاردەی عێراق یاری کردووەو چەندین ئەنجامی بەرچاویشی لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و وڵاتانی عەرەبی بەدەستهێناوە. بۆ ئاگاداربوون لە ژیانی وەرزشیی ئەو یاریزانە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.**

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

- من زۆر بە ئاستی یاریزانی ئەمریکی مایکل فرد فلیپسی سەرسامم کە خاوەنی زۆرترین مەدالیایە لە ئۆڵۆمپی و مەلەوانی.

***جگە لە یاری گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەی؟**

- یاری تۆپی پێ ئەنجام دەدەم و زۆریش چێژ لە یاریکردنی مێسی وەردەگرم و وەکو یاریش گۆڵپارێزم و یاری زۆرانبازیش بۆ خۆم دەکەم.

***بۆچی لە شاری دهۆکەوە چوویتە سلێمانی و لەگەڵ پێشمەرگە وەرزش دەکەی؟**

-چونکە لە دهۆك هیچ یانەیەك نییە گرنگی بدات بە یاری گۆڕەپان و مەیدان.

***بە گرێبەست یارییان بۆ دەکەیت، یاخود تەنیا بە مووچە؟**

-تەنیا بە مووچە یارییان بۆ دەکەم و ئاسودەم لەم یانەیە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم کەوا بەردەوام لە پشتیوانی وەرزشکارانی سەرجەم شارەکانی کوردستانەو بەبێ جیاوازی لەخزمەتی وەرزشدایە بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزان بەسەربکاتەوە سوپاس بۆ خانەوادەکەم و راهێنەر و یاریزانان و یانەکەشم.

دیمانە: کارزان کانەبی

# ئینتەر میلان راهێنـــەری نوێی دیاریکرد

یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی جێگرەوەی فرانک دی بۆیر راهێنەری یانەکەی راگەیاند کە ستیفانۆ پیۆلی راهێنەری پێشووی لازیۆیە. نێرازوری بڕیاری دوورخستنەوەی دی بۆیری دا، پاش شکستەکەی بەرامبەر سامبەدۆریا و ئەو یانەیە تەنها دوو بردنەوەی هەبوو لە هەشت هەفتەی سەرەتای خولەکەدا. هەریەک لە مارسێلینۆ و پیۆلی نزیکترین کاندید بوون و سەرەنجام ئەوەی دووەمیان دەستنیشان کرا. پیۆلی ٥١ ساڵە گرێبەستێکی بۆ دوو وەرز واژۆکردووە و یەکەم یاریشی لە دێربی میلانۆ دەبێت پاش کۆتایی یارییە نێودەوڵەتییەکان.



# هێرشبەرێکی لالیگا نۆ مانگ زیندانی دەکرێت

دادگایەکی ئیسپانیا لە گران کەناریا بڕیاری زیندانیکردنی نۆ مانگی بۆ سێرجیۆ ئاراوخۆی هێرشبەری لاس پاڵماس دەرکرد. سێرجیۆ لە بنەڕەتدا یاریزانی بوکاجۆنیۆرزەو بە خواستن یاری بۆ لاس پاڵماس دەکات، تۆمەتبارە بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە مەستی و سەرەڕای ئەوەش ڕێگەی نەداوە پشکنینی بەکارهێنانی کحولی بۆ بکرێت. ئەمەش دووەمجارە لەم ساڵدا ناوبراو تووشی کێشەی یاسایی دەبێت. هەر بۆیە دادگا بڕیاری دا بە نۆ مانگ زیندانی سزای بدات، هەرچەندە دەکرێت سزاکەی بگۆڕدرێتەوە بە پارە. لاس پاڵماسیش لەلایەن خۆیەوە رایگەیاند کە گرێبەستەکەی هەڵناوەشێننەوە و لە یانەکە دەیهێڵنەوە. سێرجیۆ ئاراوخۆ لە ئیسپانیا ناوبانگی پەیداکرد کاتێک توانی لەم وەرزەدا گۆڵ لە ریاڵ مەدرید تۆماربکات.



# نهێنی سەردانەکەی کۆتینهۆ بۆ هۆتێلەکەی بەرشلۆنە ئاشکرا دەکرێت


بەهۆی سەردانێکی (فیلیپ کۆتینهۆ)ی ئەستێرەی یانەی لیڤەرپوول بۆ ئەو هۆتێلەی کە یانەی بەرشلۆنە-ی تێدابوو، چەندین لێکدانەوەی جیاجیا بۆ ئەو سەردانە کراو رۆژنامەیەکی ئیسپانی نهێنی ئەو سەردانە ئاشکراکرد.

لەمبارەیەوە، رۆژنامەی (سپۆرت)ی نزیک لە یانەی بارسا بڵاویکردووەتەوە، کە یانەی بەرشلۆنە بۆ ئەنجامدانی یاری چامپیۆنزلیگ بەرانبەر مانچێستەر سیتی روو لەشاری مانچێستەر دەکات،(فیلیپ کۆتینهۆ) یاریزانی لیڤەرپوول و هەڵبژاردەی بەڕازیلیش سەردانی ئەو هۆتێلە دەکات، کە یانەی بەرشلۆنە لێی دابەزیوە، رۆژنامەکە ئاشکرای دەکات، کە هاتنی یاریزانەکە بۆ ئەم هۆتێلە تەنیا بەمەبەستی سەردانی (لویس سوارێز)ی هاوڕێی کۆنی لە یانەی لیڤەرپوول بووە.

رۆژنامەکە لەدرێژەی هەواڵەکە ئاماژە دەکات، کە (کۆتینهۆ)ی تەمەن ٢٤ ساڵ کاتی سەردانەکەی کچە بچووکەکەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بۆ ئەوەی بە سوارێزی پیشان بدات، بەلام رۆژنامەکە ئەوەی نەشاردووەتەوە، کە یانەی کەتەلۆنییەکە پێشتر بایەخی بەو یاریزانە داوەو لە وەرزی پارساڵیش هەوڵێکی جدی بۆ رازیکردنی ئەو یاریزانە داوە.

ئاشکرایە، کە کۆتینهۆ لەم وەرزەدا لەگەڵ راهینەر یۆرگن کلۆپ ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات و یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنە گەورەکانی ئەم دواییەی یانە لیڤەرپوول، کە لەم ساتەدا پێشەنگی ریزبەندی یانەکانی پریمەرلیگی گرتووە.





# پێشمەرگەی سلێمانی کەمپی ناوخۆی ئەنجام دەدات

تیپی تۆپی پێی پێشمەرگەی سلێمانی ئەمساڵ جیاواز لەساڵان پشتی بە کۆمەڵێك یاریزانی لاو بەستووەو ڕۆژانە یەکە مەشقییەکانیان لەسەر یاریگای فەرماندەیی لەشاری سلێمانی ئەنجام دەدەن، ڕاهێنەری تیپەکەش چاوەڕوانی وادەی دەستپێکردنی خولەکەیە بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکانیان چڕتر بکەنەوە و کەمپی مەشقی ئەنجام بدەن، چونکە تاکو ئێستا یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بەفەرمی وادەی خولەکەی دیاری نەکردووە. هەر لەوبارەیەوە ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە تاکو ئێستا بەردەوامین لەمەشقەکانی خۆمان بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، بەڵام بەفەرمی هیچ کەمپێکی مەشقیمان نەکردۆتەوە، هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابین کراوە لەلایەن ئیدارەی یانەکەمان بۆ ئەوەی کەمپی مەشقی ئەنجام بدەین، بۆ ئەمەش کەمپی مەشقی لەسەر یاریگای خۆمان لەشاری سلێمانی ئەنجام دەدەین.» گوتیشی: «کۆکردنەوەی یاریزانان هێشتا ماوە کۆتایی بهێنین، جارێك هەر بە دوای یاریزاندا دەگەڕێین، ئەگەر بەدڵمان بوون، دەیانهێنینە ریزی تیپەکەمان، وەکو گرێبەستیش هیچ بڕە گرێبەستێکمان نەداوەتە هیچ یاریزانێك، چونکە وادەی خولەکە دیاری نەکراوە، ئومێدی زۆریشمان بەم تیپە لاوە هەیە، هەتا بتوانین ئەم وەرزە شتێك بکەین بۆ سەرکەوتن بۆ خولی نایابی کوردستان.»

# گۆڵپارێزانی هەولێر متمانەیان بەخۆیان هەیە





# لەمۆسکۆ پاڵەوانێکی کورد کێشەی بۆ دروست کرا

لەمۆسکۆی پایتەختی رووسیا لە پاڵەوانیەتی لەشجوانیی جیهانی مستەرئۆلۆمپیات کە بۆ یاریزانانی لەشجوانی لەسەر ئاستی جیهان بەڕێوەچوو، تێدا ٤٣ وڵات بە یاریزانانی وڵاتەکەیان بەشدارییان لەم پاڵەوانیەتییە کرد، ئەحمەد مەریوان-ی کوڕە کوردی شاری کەرکووکیش بە تەنیا و بەناوی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری کردبوو، هەر چەندە لەلایەن هەڵبژاردەی عێراق گرفتی بۆ دروست کرا، بەڵام دواجار پلەی هەشتەمی لە کێشی خۆی بەدەست هێنا، لەم بارەشەوە ئەحمەد مەریوان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماندووبوونێکی زۆرم چێشت و توانیم پلەی هەشتەمی پاڵەوانیەتییەکە بەدەست بهێنم، هەرچەندە حەزم دەکرد ئەنجامم باشتر بێت.» لە بارەی هاوکاریکردنیشی گوتی: «هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووم، چ مەعنەوی، چ دارایی، ئەوەش بۆ من جێگای داخ بوو، بەڵام سوپاسی دکتۆر دانەر دەکەم کە زۆر هاوکارم بوو لە هەموو روویەکەوە، ئەگەر ئەو نەبوایە کێشەیان بۆ دروست دەکردم، بەتایبەتی لەلایەن سەرۆکی لەشجوانیی عێراق بۆ ئەوەی لەپاڵەوانیەتییەکە بەشداری نەکەم، چونکە بەناوی کوردو پێشمەرگە بەشدار بووم، بۆیە لەعێراق فیزەیان بۆم نەکردو لە رێگای کاك بێستوونەوە ئاسانکاری باشم بۆ کرا، بۆ ئەوەی بەشداربم و ئەنجامیشم هەبێت، ئەم ئەنجامە باشەشم پێشکەش بە دایکی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی دەکەم.»

دوای ئەوەی وەرزی ڕابردوو یانەی وەرزشیی هەولێر توانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، ئەم وەرزەش یانەی هەولێر بە دەستپێکی باش دەستیان بە خولی پێشمەرگەی کوردستان کردووەو گۆڵپارێزانی یانەکەش بەڵێنی پاراستنی گۆڵی یانەکەیان داوە، بۆ ئەوەی بۆ جارێکی دیکەش نازناوی خولی نایابی کوردستان بۆ هەولێر بەدەست بهێنن، یانەی هەولێریش جگە لەهێنانەوەی دیدار حامدی گۆڵپارێز پشتی بە چەندین گۆڵپارێزی لاو بەستووە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم لاوانە بۆ دوارۆژی یانەکە ئامادە بکات. هەر لەو بارەیەوە فاخیر عەلی راهێنەری گۆڵپارێزانی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە وەکو تیپی هەولێری خولی کوردستان سەرجەم گۆڵپارێزەکانمان ئامادەن بۆ یارییەکانی داهاتووی خولی کوردستان، لە رووی گۆڵپارێزییەوە هیچ گرفتێکمان نییەو تاکو ئێستاش بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە ئامادەکارییەکانی خۆمان ئەنجام داوە.» گوتیشی: «گۆڵپارێزەکانی ئێمە ئەمساڵ هەریەك لە دیدار حامد و سەرتیپ و هەریەك لە گۆڵپارێزەکانی لاویش ماتیۆس و محەمەد لە تیپەکەن، رۆژانە مەشقەکانی خۆمان ئەنجام دەدەین و متمانەی تەواویشمان بەم گۆڵپارێزانە هەیە کە دەتوانن ئەنجامی باشیان پێ تۆماربکەین، تاکو ئێستا لە ئاستی ئەوان رازیم، بەهیوای ئەوەین بتوانین کارێکی باش بکەین.»